# چلەی کۆچی دوایی حەسەن زیرەک لە تاران

ئەنوەر سوڵتانی

کاتێ نەمر حەسەن زیرەک لە بۆکان کۆچی دوایی کرد من ماڵم لە تاران بوو. کاک حەسەنی دیاکۆ (حەڵەبی) - مێردی زێنەب خانم و زاوای مینەزیرەکی براگەورەی حەسەن زیرەکیش ماڵی لە تاران بوو و پێکەوە هاتوچۆ و گاڵتەوگەپمان گەرم بوو. خەڵک بەگشتی و ئێمەش هەردوکمان بەوە دڵگیر بووین بۆچی ڕادیۆتەلەفیزیۆنی ئێران و بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ تاران لە مردنیشدا وەک سەردەمی ژیانی، هیچیان بۆ نەکرد و ڕێزی پێویستیان لێ نەگرت. ئیتر قسەمان یەک خست کە بەبۆنەی چلەی مردنیەوە کۆڕێکی خۆمانەی بۆ ڕێک بخەین و مەسەلەکەش بە ڕادیۆی کوردی تاران، کە زۆر لەدەستیان قەڵس بووین، ڕانەگەیێنین.

سەرەتا دەبوایە شوێنێک دابین بکەین. لە نێو ئەو کەسانەی وا دەماننناسین شوێنێک کە لە هەمووان گەورەتر و بەڕێ وجێتر بێت، ماڵێک بوو لە شەقامی سەلسەبیل کە کاک فەتاحی کاویان و کاک حوسەینی مەدەنی تێدا دادەنیشتن. حەسەن لەگەڵ کاک حوسەیندا قسەی کرد و ئەویش و کاک فەتاحیش بە ڕووخۆشییەوە ئیجازەیان پێداین کۆڕەکە لەماڵی کاک حوسەین بگرین و ئەگەر خەڵکەکە زۆر بوون بچنە قاتی سەرەوەتر بۆ ماڵی کاک فەتاح.

ئینجا دەبوایە ڕاگەیاندنێک بڵاو بکەینەوە. بابەتێکی کورتم نووسی و بردمان بۆ چەند چاپخانەی تاران، هیچکامیان چاپیان نەکرد دەیانگوت تاکاتێ کە 'وەزارەتی ئیتیلاعات و ڕادیۆ' مۆری نەکردبێت ناتوانین چاپی بکەین. ناچار دەبوایە بچین بۆ ئەوێ. ئۆفیسی ڕادیۆی کوردی تارانیش هەرلەوێدابوو و ئیتر ڕوومان کردە ئەوان بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپی ڕاگەیاندنەکەمان. کاتێ کە چووینە بەشی کوردی و مەسەلەکەمان پێ گوتن، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێمە، گەلێک جوامێرانە جووڵانەوە و گوتیان باش وایە ڕاگەیاندنەکە ئێمە بیبەین بۆ مۆرکردن، کە زووتر موافقە بکەن، هەرواشیان کرد و لەماوەی چەند خولەکدا ڕاگەیاندنی گۆرین مۆر کرا! هەروەها ئامادەیی خۆیان بۆ هاتن و بەشداریی کۆڕەکە دەربڕی.

من ڕاگەیاندنەکەم وا نووسیبوو کە لە کۆتایی دووسێ دێڕیدا شوێن بۆ زیاد کردنی یەک دوو ووشە مابووەوە بۆ ئەوەی دوای مۆرکران یەکدوو شتی لێ زیاد بکەین کە وا هەبوو وەزارەتی ئیتیلاعات پێی خۆش نەبوایە و بەو یەکدوو ووشەیە، کەم وزۆر ڕەنگێکی نەتەوایەتی کوردیمان پێدا. ڕاگەیاندن چاپ کرا و بەدەست بردمانە بەردەرکی هەندێک ماڵ و ئۆفیسی کوردانی دانیشتووی تاران و "خوابگا" ی خوێندکاران. قاپ وقاچاغ و کورسی و مێزیشمان لە دووکانێک بە ئیجارە وەرگرت.

زۆرێک لە برادەرانی کوردی تاران یارمەتی کارەکەیان داین و ئازایانە بۆی هەڵسووڕان. بە هەمووومان بڕیارمان دا کۆڕەکە بۆ ڕێزگرتن لە ژیان و هونەری حەسەن زیرەک بەڕێوەبەرین نەک بۆ مردنی و ئیتر کەسێک لە برادەرانی نزیکی خۆمان کە ئێستاش لە تاران دەژی، لەبەر دەرگای دەرێ وەستا و هەرکەس دەهات پێی دەگوت ئەوە مەجلیسی پرسە و فاتیحەخوانی نییە. لە نێو ژوورەکەشدا شریتی گۆرانییە خاوەکانی حەسەن زیرەکمان دانا وهیچیتر! خەڵکێکی باش هاتن.

بڕیاربوو من قسە بکەم و ژینناමەیەکی حەسەن زیرەک بخوێنمەوە، بەڵام کاتێ دەستەی ڕادیۆی کوردیی تاران هاتن کە نەمران جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، دوکتۆر محەممەد سدیقی موفتی زادە و کاک سوارەی ئێلخانی زادەیان لەناودابوو (بەداخەوە ناوی کەسێکی تریانم لەبیر نەماوە)، ئیتر دیتم من کەسێک نیم لەلای ئەوان بتوانم هیچ بڵێم، قوڕوقەپم لێکرد و کارەکەم بۆ کارزانان بەجێ هێشت! ئەوان بە ئامادەییەوە هاتبوون، هەرسێکیان وتاری بەپێزیان دا و قسەکانیان تۆمارکران. لەبیرمە مامۆستا جەمیل باسی مۆسیقای کوردی و هۆرەی جافی کرد و پەیوەندی دا بە ئاهورامەزدا و گاتاکانەوە، دوکتۆر محەممەد سدیقیش لە ناو قسەکانیدا شیعرێکی خوێندەوە کە بۆ حەسەن زیرەکی دانابوون و درەنگتر چاپیش کرا:

*"زیرەک! زۆرت کرد خزمەتی هونەر*

*ژینت لەپێناو هونەر بردەسەر....."*

قسەکانی کاک سوارم هیچ لەبیر نەماون بەڵام دەزانم گەلێک سیاسی تر و ئەمڕۆیی تر بوون و لەدڵی دانیشتووانی کۆڕەکەدا زۆریان جێگە کردەوە، هەر هەمووشیان بە شریت تۆمار کران.

شریتی ووتارەکان لای کاک حەسەنی دیاکۆ مایەوە و دوای ئەوەی بەداخەوە حەسەن چەندساڵ دواتر لە ڕووداوێکی ترومبیلدا گیانی لەدەست دا، من بۆ سەرەخۆشی لەتەورێزەوە چومەوە بۆکان و لە ماڵی کاک عەلی حەڵەبی سەرەخۆشیم لە زێنەب خانمی هاوسەری کرد. لەناو قسەکاندا پرسیاری شریتەکەشم لێکرد گوتی لەلای منە و ماوە. ئێستا بەداخەوە زێنەب خانمیش کۆچی دوایی کردووە، کاکە مینەش لەژیاندا نەماوە. نازانم شریتەکە کەوتۆتە دەست کێ و گەلۆ لەم ساڵە ڕەشانەی کۆماری ئیسلامیدا بەتاڵان براوە یا لەترسی پاسداری چڵکن فەوتێنراوە؟ گوایە خانمێکی کچی زێنەب خانم ئێستا لە کەنەدا دەژی و هیوادارم ئەو بتوانێک سەری ئەو هەودایە بدۆزێتەوە و ئەو شریتە مێژووییە لە فەوتان ڕزگار بکات.

لەبیرمە دوای ئەوەی کۆڕەکە کۆتایی پێ هات و هەر خۆمانەکان ماینەوە، شریتی گۆرانییەکانمان گۆڕی و هەندێک گۆرانی کرژتری حەسەن زیرەکمان مان دانا و بە یادی ئەو، بەربووینە هەڵپەڕکێیەکی گەرم!

لەوڕۆژەدا گەلێک لە لاوان و خوێندکاران و کوردانی دیکەی دانیشتووی تاران یارمەتی زۆریان داین، هەر لە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکانەوە تا ڕێک خستن وبەڕێوەبردنی کۆڕەکە. ناوی زۆریانم لەبیر نەماوە و ئەوەش کە ماوە، "لە ترسی چەتە" ناکرێت ناوبردەیان بکەم. دەستیان خۆش بێت.

یادی هونەرمەندی مەزنی کورد حەسەن زیرەک بەخێر بێت!

ئەوەش چەند گۆرانی حەسەن زیرەک لە سەر ماڵپەڕێک کە کوردی نییە بەڵام 200 گۆرانییەکی ئەوی تێدا تۆمار کراوە:

http://www.bomb-mp3.com/index.php?search=hasan+zirak